
# چی وای لە (بارام) کرد خۆی بکوژێت؟



**بێزاری و وەڕس بوون لە ژیان**

(بارام) گەنجێکی بیست و هەشت ساڵە دەبوو، شاگردی ئاسنگەری ئۆتۆمبێل بوو، هەفتانەیەکی هەبوو ئەگەرچی زۆر نەبوو، بەڵام دەیتوانی پێیەوە ئیدارە بکات، ژنێك و دوو منداڵی خنجیلانەی دوو سێ ساڵی هەبوو، رۆژێك لەگەڵ وەستایەکەی دەبێتە قڕە قڕیان و لە ئەنجامدا وەستایەکەی دەریدەکات،(بارام) بێ ئیش و کار دەمێنێتەوە، کرێچیاتی و دوو منداڵی ساوا و ئەرك و خەرجی ماڵەوە ئارامی لێهەڵدەگرێ،(ئامین)ی هاوسەری حاڵەتە دەروونییەکانی ئەوسای (بارام)مان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێ: کە(بارام) بووە مشتومڕی لەگەڵ وەستایەکەی و لە دووکانەکەی دەریکرد، ئەو شەوە لە حەژمەتان دەرەتانی نەبوو تەنانەت بشخەوێت، دەمگوت: بۆ وا پەشۆکاوی، خۆ دنیا وێران نەبووە، ئەو نا وەستایەکی دیکە خۆ کەسێك هەر دەبێ کارێکت بداتێ، کەچی ئەو گوتی: ئافرەت من کرێچیم، خاوەن خانوو سەرە مانگان کرێی خۆی دەوێ، هەقی بەسەر ئەوە نییە تۆ کاروکارسبیت هەیە یان نە، ئەو دەڵێ: کرێیەکەی خۆت پەیدا بکە، ئەگەر نا لە خانووەکەی دەرمان دەکات ئەو وەختی بچمە کوێ، ئێ مەسەلەکەش هەر کرێی خانوو نییە، ئەدی ئەو منداڵانە نانێکیان ناوێت بیخۆن، ئەی بۆ خۆمان نابێ شتێکمان هەبێ بیخۆین. (بارام) زۆر نیگەران و بێ حەوسەڵە ببوو، لەگەڵ بچووکترین شت هەڵدەچوو، نەیدەزانی چی بکات، بەدبەختییەکە لەوەدابوو کە ئەو دوکانەکەی بەجێهشێت، سێ چوار رۆژی مابوو بۆ سەرە مانگ، سەرە مانگ داهات و (بارام) کارێکی دیکەی هەر بەدەست نەکەوت، خاوەن خانوو هاتە بەردەرگا و داوام لێکرد کە چەند رۆژێك سەبرمان لێبگرێت هەتا پەیدای دەکەین، ئەو چەند رۆژەش رەتبوو کارێك هەر پەیدا نەبوو، کابرای خاوەن خانوو هاتەوە ئەمجارە لەگەڵ (بارام) بووە مشتومڕیان، هۆشداری داینێ و گوتی: سێ رۆژی تر دێمەوە کرێتان ئامادە نەکردبێ کەلوپەلتان هەموو فڕێدەدەمە کۆڵان و خانووەکەتان لێدەستێنمەوە.

(بارام) هێندەی دیکە تەنگەتاو بوو، کابرا فشارێکی زۆری بۆ دەهێناین، چەندی لەوێ و لەوێ گەڕا کارێکی بەدەستنەکەوت، بەدبەختییەکەش لەوە دابوو، کە ئەو ساڵەی کە تێیدابووین، بێ ئیشی و بێ کاری بوو، کار بەزەحمەت بەدەستدەکەوت، بازاڕ وەك

قاتوقـــڕی بێ، بێ بازاڕییەکی کوشـــندەی تێدابـــوو، بـــێ پارەیی ئەســـەرێکی زۆری لەســـەر ژیانمان دانابوو، چوومە لای باوکم و هەندێـــك پارەم لـــەلای هێنا، ئەویش چووە لای باوکی هێندێك پارەی لێوەرگرت و کرێی خانوومان پێدا و چەند ڕۆژێکیش پێی ژیاین، بەڵام دیســـان وەکی جارانمان لێهاتەوە،(بارام) بەرگەی ئەو وەزعەی نەدەگرت، دوایی پێی گوتـــم: (ئامین) چیتر بەرگـــەی بێکاری ناگرم، قیروســـیا دەچمەوە لای وەســـتاکەم و داوای لێبوردنـــی لێدەکـــەم و داوای لێدەکەم بمگەڕێنێتەوە ســـەر ئیش، ئەگەر هەر رازی نەبوو، نەرمییەکی زۆری لەگەڵ دەکێشم هەتا رازی دەبێ، منیش گوتم: باشە بڕۆ، قەیدی چییە، خۆ دوژمنداریتان لە نێواندا رووینەداوە، داوای کاری لێدەکەیەوە، ئەو پەڕەکەی رازی نابێ، ئەگەر رازیش نەبوو، ئەو وەختی خواش کەریمە، بە قســـەکانم رازی بوو، چووە لای وەستاکەی، نیوەڕۆ کە هاتەوە ماڵێ، رەنگ و روخساری زۆر تێکچووبوو، خەمی دنیای لەسەر باری بوو، دەمی کەفی دەکرد، هەر کە پێی لە ژوورەوە نا و پێی گوتم: (ئامین) خێر لە خۆت نەبینی، ئاخر ئەوە ئیش بوو بە منت کرد، هەتا ماوم ســـووکایەتی ئەو ناپیاوەم لە بیر ناچێت، گوتم: باشـــە دەچی بووە پێمبڵێ بزانم چی گوت ؟ گوتی: کچێ چی گوت: پێی گوتـــم: من چۆن جارێکی تر ئیشـــت پێدەدەمـــەوە، تۆ شـــایەنی ئەوەنی هەر بێیتە دووکانەکەشـــمەوە، بڕۆ دەرێ دەنا بە پۆلیس دەرت دەکەم و راوت دەنێم، بڕۆ لە برسان بمرە، بزانـــم کێ کارت پێـــدەدا، چما تۆ چ کارێك دەزانی، هەتا من کارت پێبدەم، شاگردەکانی دیکـــە هاتنە نێوانمان و بە پاڵ کرامە دەرەوە، ئای کە چەنـــدم نەفرەت لە خۆم کرد، هەزار جنێوی سارد و سووکم بەخۆمدا.

چـــۆن وازوو لەبەر ئەو لە برســـان مردووە دامهێنا و چوومەوە لای !!؟

## بێئومێد بوونی لە رادەبەدەر

(ئامین) بەردەوام دەبێ لەسەر قسەکانی و دەڵێ: لە مێژە گوتیانە برسێتی رەگێکی لە هاری دایە، لەخۆڕا ئەو قسەیە نەکراوە، تاوەکو نەبوونی و هەژاری و دەســـتکورتی نەبینی، قیمەتی ســـامان و پـــارە و مووچە و کار و کاسبی نازانی، پیاوەکەی من ماوەیەك بێکار بوو ژیانی نەمابوو، هەموو لەڕو لاوازببووین، لە بەدخۆراکیان، دیســـان، دێوەزمەی کرێی خانوو هاتەوە پێشمان، ڕۆژێك (بارام) گوتی: وەختی خۆی وەســـتا نانەجیبەکەم رۆژانەی چوار رۆژی لێخواردم، دەچم داوای ئەو چوار رۆژەی لێدەکەمەوە گوتـــم:( بارام) مەچۆ، کابرایەکی بێ ئوســـوڵە با نەبێتە شـــەڕتان، قیروسیا خواردی، خواردی لێی حەڕام بێت، گوێی پێنەدام، رۆیشـــت کە چووبووە ئەوێ یەکســـەر پێی گوتبـــوو، رۆژانەکانمت لەلا مـــاوە و دەبێ بمدەیـــەوە، ئەویش وەك جاری جاران قســـەی کردبوو، بـــە دەرکردن وەڵامی دابـــۆوە، (بارام) چـــاوی گێڕابوو، ئامێرکی کارەباریی بەرچاو کەوتبوو، دەســـتی دابوێ و هەڵیگرتبـــوو، گوتبووی ئـــەوە لە جیاتی پارەکەم دەبەم، دەموودەست سواری پاسێك بوو ئەوێندەرێی بەجێهشێتبوو، یەکسەر چووبووە، بـــازاڕ و ئامێرەکەی فرۆشـــتبوو، کرێی ئەو مانگـــەی خانـــووی پێدابوو، بـــۆ بەیانی وەســـتایەکەی لەگەڵ پۆلیسێك هاتبووە بەر دەرگا و گوتبووی ئەوە هەوە، پۆلیســـەکەش گوتی: هەتـــا بنکەی پۆلیس لەگەڵمان وەرە کاریان پێتە و ئەو کابرایە ســـکاڵای لە دژت تۆمار کردووە، وەستایەکەشـــی گوتی: وەرە هـــەی دز، بەو خودایە، دەبـــێ لە بەندیخانە بترزێنمـــەوە، کـــە وایگـــوت: مـــن چاوم لێبوو(بـــارام) پەلاماری دا و کەوتە ســـەر و گوێلاکی کوتانەوەی مســـتێك لەم و مستێك لەو، وەســـتایەکەی پڕی دایە کلاشنکۆفی پۆلیسەکە و لێی ســـتاندبوو(بارام)یش تاوی دابوێی و لە وەستایەکەی وەرگرتبوو لە جیاتی ئەوەی ئەو رەفتارە دوژمندارییەکەی لەســـەر بکاتە مـــاڵ، میلی تفەنگەکەی لێڕاکێشـــا و لوولەکەی ئاڕاســـتەکرد و گوللەیەکی لە تەختی نێوچەوانی دا و کابرای دەموودەســـت تەواوکـــرد، کەلاکـــی کابرا لـــە بەردەرگەی ماڵمان کەوت و ئەو نـــاوەی لە خوێن وەردا، پۆلیســـەکەش لە ترســـان زراوی رژا و لێیدا هەڵات کلاشنکۆفەکەشی بەجێهێشت، گوتم: کوڕە( بارام) ئەوە چت کرد، ئەو کەتنە چبوو قەوماندت، ئەو کابرایەت بۆ کوشـــت گوتی: ئێستا وەختی ئەو قســـانە نییە، وەرە دەستی منداڵەکانت هەڵگرە و بڕۆ ماڵی باوکم، منیش وا دەچمە بنکەی پۆلیس و خۆ تەسلیم دەکەم، ئێمە چووینە ماڵی باوکم و مەســـەلەکەم بۆ گێڕانەوە، ئەوانیش پاش قسەکەی من چوونە بنکەی پۆلیس(بارام) لەوێ دەستگیرکرابوو، لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرد، کەســـوکاری کابرای کوژراویش لەوێ بوون.

## حوکمی بەندی هەتا هەتایی و خۆ کوشتن لە ناو زینداندا

(ئامین) بەردەوام دەبێ لەســـەر گێڕانەوەی بەسەرهاتی دوای دەســـتگیرکردنی (بارام)ی مێـــردی و دەڵـــێ: خـــاوو خێزانی وەســـتا کوژراوەکەی (بـــارام) داوای تۆڵەکردنەوەیان دەکرد و دەیانگوت: هەر دەیکوژینەوە، هەقمان بەســـەر ئەوە نییە کـــە دادگا حوکمی دەدا یان ئیعدامـــی دەکات یان بەڕەڵڵای دەکات.

نە سوڵحیان دەکرد و نە لێی خۆش دەبوون، نە دەستبەرداریشی دەبوون(بارام) دادگاییکردنی دەستپێکرد، بەڵام زانیشی چوومەتەوە ماڵی باوکم و ئەوان خۆم و منداڵەکانم بەخێو دەکەن، زۆری قەهری بەو وەزعـــە دەخوارد، رۆژێك کە چوومە ســـەردانی لە بەندیخانە، دیار بوو زۆر پەرێشـــان و بێ رەنگ بوو، قســـەی بۆ نەدەکرا، تاقەتی راوەستانیشی نەبوو، گوتی: (ئامیـــن) باشـــت ئاگا لە منداڵـــەکان بێ، ئەگەر حوکمێکی قورس نەدرام، پشت بەخوا هەوڵـــدەدەم ئەو هەڵەیەم راســـت بکەمەوە کە کردم، ئەگەر حوکمێکی قورســـیش درام، ئەو وەختی خوا کەریمە، بۆ خۆت ئەگەر ویستت دەتوانێ مێرد بکەیەوە، گوتم: دە بەسە توخوا، کەی وەختی ئەو قســـانەیە مێردکردنی چی، هەر چۆنێك بێت ئەوە لە ماڵی باوکم و بەسەر بڵندی خۆم و منداڵەکانم بەخێو دەکات و وەکو ئەوەی لە ماڵی خۆم بم.

کە ماوەی ســـەردان تەواو بوو، چاوی پڕ فرمێســـك بوو، ئاخێکی هەڵکێشـــا، دووبارە و ســـێ بارە منداڵەکانی لە بـــاوەش کرد و ماچیانـــی کردەوە و گوتی: ئـــاخ، نەبوونی چ لـــە مـــرۆڤ دەکات، بزانە ئەو ســـندان کوشتییە، خۆشـــی فەوتاند و منیشی خستە نـــاو کونجی زیندان و لە نـــاو چوار دیواری ئەو بەندیخانەیـــە توندی کردم، بریا دەرۆزەم بکردبایە، بـــەڵام نەچووبامایـــەوە لای ئەو کابرایە کە قســـەکانی تەواوکرد گوتم:(بارام) خوا کەریمە، خوا کەســـی بێ کەســـانە، تازە شـــتەکە روویداوە و ناگەڕێتـــەوە، پەنا بەخوا ئەگەر دادگا حوکمێکی سووکت بدات، باوکم گوتوویەتی: لەگەڵ ئـــەو ماڵەش پێکدێین، ئینجـــا خوا حافیزیم لێکرد و رۆیشـــتین، کە دادگایکردنەکانی تەواوبـــوو، دادگا بە پانزە ســـاڵ زیندانـــی حوکمی دا، کـــە لە دادگا هێنایانەوە، لە ناو بەندیخانە فرسەت دەهێنێ و بـــە تفەنگێك لە ناو حەوشـــەی بەندیخانە خـــۆی دەکوژێت و لەو کارەی ویســـتبووی خۆی لەو وەزعە دەروونییە ئاڵۆز و دژوارەی کـــە تێیکەوتبـــوو رزگار بـــکات، منیش و منداڵەکانیشـــی بە تەنیا جێهێشت و کۆڵێك خەم و خەفەت و کەسەری بۆ بەجێهێشتین.

**کە ماوەی سەردان تەواو بوو، چاوی پڕ فرمێسک بوو، ئاخێکی هەڵکێشا، دووبارە و سێ بارە منداڵەکانی لە باوەش کرد و ماچیانی کردەوە**

**ئێمە چووینە ماڵی باوکم و مەسەلەکەم بۆ گێڕانەوە، ئەوانیش پاش قسەکەی من چوونە بنکەی پۆلیس(بارام) لەوێ دەستگیرکرابوو**

# کێشەی نێوان ژن و مێ

ئا: باوکی میدیا

(سەبریە)، کە سێ منداڵی لە (حەمە غەریب) هەبـــوو، ئەوجـــاش لەگەڵی نەدەحەوایەوە و هەموو ڕۆژێ شـــەڕ و ئاژاوە و تۆرانی بوو،(سەدرەدین)ی برای تووشی کێشەی خۆی هاتبوو لە دەست شـــەڕی نەبڕاوەی ئـــەو دووانە. ئەوان شـــەڕیان دەکرد، ئەوجا یان (سەبری) دەتۆرا و ماڵی بە جێدەهێشـــت و دەهاتە لای(سەدرەدین) و گلەیی و گازاندە و سکاڵای لە خوشکەکەی دەکرد، یانیش (حەمە غەریب) ماڵی جێدەهێشـــت و دەهاتە لای (ســـەدرەدین) و گلەیی و گازاندە و ســـکاڵای لە خوشـــکەکەی دەکرد. دواجار کە(حەمە غەریب) هاتە لای و گازاندەی لە دەست نەحەوانەوەی خوشکەکەی لێکرد.(ســـەدرەدین) پێی گوت: ئەو گلەیـــی و گازاندانەت لە چییە؟ ئاخر ئێوە بەیـــەك فێربوونە، بە کورتی دەمتان لەیەك سپی بۆتەوە، هیچ کامێکتان لەویتر قبوڵ ناکات، شـــەڕ و ئاژاوە ڕۆژێك، دووان، دەیان، بۆچی؟!

چیتـــر گلەیـــی و گازاندەتان لای من مەکەن، خۆتان بڕۆن، چۆن خۆتان لەگەڵ یەك دەگونجێنن بگونجێنن، نە کۆتایـــی بە کێشـــەکانتان دێنن، نە بە گوێی منیش دەکەن. (حەمە غەریب) ئێوارە چۆوە ماڵ و سیناریۆیەکە دیسان دووبارە بۆوە.

ئەو جنێـــوی بەم دەدا ئـــەم جنێوی بـــەو دەدا، کەســـیان لـــە کەســـی قبـــوڵ نەدەکرد.(ســـەدرەدین) بـــرا گەورەی(سەبری)بوو، هەر ئەوی وەکو برا گـــەورەی مابوو، چونکە نە دایکی و باوکیان نەمابوون، خوشکەکانیشـــی خۆیان لـــە کێشەی(ســـەبریە و حەمە غەریب) نەدەگەیاند و پێیان چارەســـەر نەدەکرا، بە کورتی کێشـــەی ئەو دووانە نەدەبڕایەوە و لێنەدەگەڕان(ســـەدرەدین) تاوێك بەســـەری ڕەحەتەوە دابنیشـــێ، لەبەر هەندێ لـــەو دووانە زۆر بێزار و وەڕس ببوو، بۆیە بڕیاریدا چیتر خۆیان تێنەگەیەنـــێ، بە(ســـەبریە)ی گوت:



زۆری پێ سەیر بوو کە ئەو حوکمەی بۆ دەرچووە ئەو لەو بڕوایەدا بوو کە ئازاد بکرێت و حوکمی بێ تاوانی بۆ بدرێت کەچی ساڵێک زیندانی بۆ بڕایەوە

ئەرێ تۆش بێتامت کرد، نە لەگەڵ کابرا ئیدارە دەکەی نەبێ ئەویش دادەسکێی، ئەگەر پێی ڕازی، ئەوە لەلای دانیشە و چ گۆبەندیش مەنێوە. ئەگەریش لەلای دانانیشی، بڕۆ دادگا و تەڵاقی خۆتی لێوەرگـــرە و لای من دانیشـــە، تا ئەو ڕۆژەی پێتخۆشە بەخێوت دەکەم.

**هەرایەکی گەورە و سەر تیاچوون**

(حەمە غەریب) کە زانی (سەدەردین) چیتر خۆی لە کێشەی خۆی و ژنەکەی، کـــە دەکاتـــە خوشکی (ســـەدرەدین) ناگەیەنێ، هەســـتی بـــە حاڵەتێکی دەروونی ناخۆش کرد، وای لێکدەدایەوە وەك ئەوەی بڵـــێ لە ماڵێ دەریکردبێ لەبەر ئەوە کەوتە ژێر گوشاری فشارێکی دەروونییـــەوە وەك دەڵێن پتـــت لێدابایە دەتەقی، دوو سێ ڕۆژان بەو حاڵەوەی گوزەراند، (سەبری)ش هەروا، دەیویست تۆڵەی بێباکـــی براکەی لە مێردەکەی بکاتەوە، لەســـەر خەرجی ماڵ بوو کە شەو بووە دەمەقاڵێیان، منداڵەکانیان کە ســـێ ســـاڵی و چوار پێنچ ساڵە بوون دەرپەڕینە دەرەوە و لە ترســـان خۆیان لە ماڵی دراوسێیەکیان نا.

دەمە قاڵی و مشـــتومڕیان درێژەی کێشـــا هەتا درەنگانێك، ئەوجا کەوتنە ســـەر و پۆتەڵاکی یەکتر، دراوسێکان چوونـــە ناوبژیوانیان هێنـــدەی دیکە لێکگردبوون و شـــەڕیان خۆشـــتر کرد، نە ئاگایـــان لە منداڵەکانیـــان مابوو، نە ڕێزێکیشـــیان بۆ ژن و مێردایەتیان دادەنـــا، (حەمە غەریب) قســـەیەکی پێگوتبا(ســـەبریە) دووانی پێدەگوتەوە، ئەوجـــا کەوتنـــە شـــەڕە چەپەڵۆك و یەکتر هێنان و بردن و مســـت وەشاندن، یەکێ لە دراوســـێکانیان تەلەفۆنی بۆ

#  ...ردەکە و کوژرانی پیاوێک



(سەدرەدین) کرد، دیار بوو، بەشێوەیەك تەلەفۆنی بۆ کرد کە(سەدرەدین) بێتە ئەوێ یەکسەر دەست بداتە تفەنگ، پاش کەمێك(سەدرەدین) بە هەناسە سواری و تورەییەوە گەیشتە ئەوێ، لە هەردووکیانی خوڕییەوە و تێری جوێن پێدان، بەو سەرزەشت کردنەیان خوشکەکەی هێندەی دیکە شتێگیر بوو، رایکردە ماڵەوە و هەراکەی گەورەتر کرد.

بەکورتی شەڕ کەوتەوە ناو حەوشەی ماڵەکە، نە ئەم وازی دەهێنا و نە ئەویش دەچووە دەرەوە و شەڕەکە بکوژێنێتەوە، ژنە تفێکی گەورەی لە دەمووچاوی (حەمە غەریب) کرد، ئەویش ئیتر لەوزەی دانەما و چاوی گیرا، مقەسێکی گەورەی دوورمانی کەوتە دەست، هەتا هێزی تێدابوو بۆ (سەبریە)ی راوەشاند، بەڵام لە جیاتی ئەوەی بە(سەبریە) بکەوێت، لە سینگی (سەدرەدین) چەقی خوێن خوارەی کرد، (سەدرەدین) کەوتە سەر زەوی بەمە شەڕەکە راوەستا و چیتر ململانێی نێوان ژن و مێرد نەما، خەڵك و دراوسێ تەنیا چاویان بڕیبوە(سەدرەدین)کە دەتگوت بەئەنقەست خۆی خستۆتە سەر زەوی و دەستی لەسەر سینگی داناوە، دیاربوو یەك دووانێك لەوانەی لەوێ بوون تەلەفۆنیان بۆ پۆلیسی فریاکەوتن کردبوو، ئەوەندەی پێنەچوو پەیدابوون، ژن و مێردیان هاویشتە ناو ئۆتۆمبێل و (سەدرەدین)یشیان بە هێواشی بڵند کرد و لە ناو ئۆتۆمبێلی دراوسێیەکی ماڵی خوشکەکەی دانا و بردیانە نەخۆشخانە.

**مردنی (سەدرەدین) و سزادانی ژن و مێرد**

کە(سەدرەدین) گەیەندرایە نەخۆشخانە، پزیشکەکان هەر زوو بردیانە هۆڵی نەشتەرگەری و داوای خوێنیان کرد، مانەوەی (سەدرەدین) لە ناو هۆڵی نەشتەرگەری زیاتر لە سێ کاتژمێری خایاند، پاشان پزیشکێکی نەشتەرگەری لە هۆڵەکە هاتە دەرەوە و گوتی: سوودی نەماوە، هەوڵی زۆرمان دا، مقەسەکە پەڕەی دڵی هەڵدڕی بوو، چاکبوونەوەی مەحاڵ بوو، بۆیە مرد، دیارە قسمەتی لە دنیا هەر هێندە بوو، کە پزیشکەکە وایگوت ژن و منداڵ کەوتنە لە خۆدان و قیژە(حەمە غەریب) دەستگیرکرابوو، کە هەواڵیان پێدا ئەویش کۆستی کەوت و سەری خۆی کێشا بە دیواردا، چونکە لەسەرێکەوە(سەدردین)ی خۆشدەویست، لەسەرێکی ترەوە بە هەڵەی ئەو بوو مرد، کە هەرگیز لەو بڕوایەدانەبوو، ئەو ببێتە هۆی مردنی، تەنانەت مردنی ئەو شتێکی هەر زۆر چاوەڕواننەکراوبوو، بێجگە لەوەش کەوتە ناو دۆخێك ئیتر چاککردنەوەی نەبوو، هەرچۆنێك بێت، ماوەی هەفتەیەك ژنەکەشی دەستگیرکرا و پاشان ئازادکرا.

دواتر دوای دوو مانگ و نیو، دۆسییەی(حەمە غەریب) رەوانەی دادگای تاوان کراو، دەست بە دادگاییکردنی کرا.

بۆ دادگاش روونبۆوە کە مەسەلەکە چی بووە، بۆیە پاش دادگایی کردن و روونبوونەوەی بەڵگەکان، دادگا بڕیاریدا ساڵێك زیندانی بکرێت، (حەمە غەریب) زۆری پێ سەیر بوو کە ئەو حوکمەی بۆ دەرچووە، ئەو لەو بڕوایەدا بوو کە ئازاد بکرێت و حوکمی بێ تاوانی بۆ بدرێت کەچی ساڵێك زیندانی بۆ بڕایەوە، ئیتر ئەویش لە تورەییان لە هۆڵی دادگا هاتە دەرەوە لە پێش کەسوکاری هەردوولا، رووی لە(سەبریە) کرد و پێی گوت: دەبڕۆ ئەوە منیش تۆم سێ بە سێ تەڵاق دا.

**کە هەواڵی مردنی (سەدرەدین) پێدا سەری خۆی کێشا بە دیواردا، چونکە لەسەرێکەوە خۆشدەویست لەسەرێکی ترەوە بە هەڵەی ئەو بوو مرد**



# بۆچی منداڵەکان داوای جیابوونەوەیان لە دایک و باوکیان کرد؟

(دلێر و کارزان و کاروان) کە هەرسێکیان قوتابی قۆناغی ناوەندین، لە دەست ناکۆکی بەردەوامی دایك و باوکیان و هەمیشە شەڕ و ئاژاوەی نێوماڵیان، بڕیار دەدەن، واز لە دایك و باوکیان بێنن و بچنە لای داپیریان بژین. (دلێر) کە کوڕە گەورەی ماڵە، لەبەردەم دادگادا داوا دەکات بچنە لای داپیریان بژین!! بەڵام با بزانین هۆی ئەو بڕیارەیان چی بوو! شتێکی سەیرە منداڵ بڕیاری وا بدات، چووینە لای خاتوو(ئەڤین ساڵح) توێژەری کۆمەڵایەتی و مەسەلەکەی بۆ باس کردین و هۆیەکانی بۆ روونکردینەوە و بەمشێوەیە قسەی بۆ کردین و گوتی: حاڵەتی وەها لە دادگا دەبینرێت، بەڵام زۆر دەگمەن، چونکە زەحمەتە منداڵ بتوانێ دەستبەرداری دایك و باوکی خۆی بێ و کەسێکی دوورتری خۆی لە جیاتیان هەڵبژێرێ، لە راستیدا ئەو منداڵانە هۆکارەکانیان زۆر و رەوا بوو، هەمووشیان لە پێش قۆناغی باڵق بوونن، لەبەر هەندێ دادگا ئەو بڕیارەی دا و لەسەر داخوازی خۆشیان بوو، کێشەکەشیان بەمشێوە دەستی پێکرد. دایك و باوکیان پەیوەندییەکی هاوسەرێتی نا ئارام و ناجێگیریان هەبووە، هەمیشە شەڕ و ئاژاوەیان لە نێواندا هەبووە، نە ژنەکە وەکو ژنان هەستی بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە مێرد و منداڵەکانی دەکرد، نە مێردەکەشی.

پیاوەکە جارێکی تر ئەو ژنەی تەڵاق داوە، پاشان دووبارە دوای چەند مانگێك هێناویەتیەوە، دواتر دیسان لەسەر مەسرەفی ماڵ و خانوو بە ناوکردن و ئەو شتانە دەبێتەوە کێشەیان، کێشەکانیان دەگەیشتە ئەو رادەیەی سەرەتا دەبووە مشتومڕ و دەنگە دەنگیان دواتر هەردووکیان جنێویان بەیەك دەدا، ئینجا دەبووە شەڕە چەپەڵۆك و قژ راکێشان و بە پێڵاو لە یەك دان، هەردووکیان لە یەکیان دەدا، نە ژنە بۆ پیاوەکەوەی دادەهێنا، نە پیاوەکەش، هەر چی رێز بێت لە نێوان یەکتریان نەهێشتبۆوە منداڵەکان دەڵێن: نازانم ئەوەندە ساڵە ژیانی هاوسەرێتیان چۆن بەسەر بردووە، دوای هێنانەوەی جاری دووەمی ژنەکە، ئەمجارە ژنەکە داوای جیابوونەوە لە دادگا لە دژی مێردەکەی بەرز دەکاتەوە، لەم ناوەدا ئەوەی سەرگەردان و تووشی زەرەرو زیان دەبێت، تەنیا منداڵەکانیان دەبێت. (دلێر)یان پۆلی سێی ناوەندی و (کارزان) یش دووی ناوەندی و (کاروان)یش یەکی ناوەندی دەبن، هەرسێکیان لە خوێندن بە پاش دەکەون و یەکی لە یەك دوو وانەش دەکەون، تەنانەت ناتوانن دەوامی قوتابخانەشیان بە تەواوەتی بکەن، ئەو منداڵانە لەبەر ئەو پەیوەندییە خراپەی نێوانیان تەنانەت باری دەروونیشیان تێکدەچێ و دەشلەژێ، ئەوەتا کە ئێمە لەگەڵ منداڵەکان دانیشتووین دەڵێن:

دایك و باوکمان بەردەوام شەڕیانە، هیچ رۆژێك ماڵی ئێمە ئارامی بەخۆوە نەدیتووە، جاری وا هەبووە نیوەی شەو کردویانە بەشەڕ، هەندێك جاری وا هەبووە بابم ویستوویەتی ماڵەکەش ئاگر تێبەردا، هەندێك جاریش لە هیچ و خۆڕایی لە ئێمە دەدات.

ئێمە زۆر جار بەبێ خەرجی دەچینە قوتابخانە، زۆر جار کە دێینەوە دایکم چێشتی لێنەناوە و دەیگوت: بۆ کێ چێشت لێبنێم بۆ باوکتان نەدینارێکمان دەداتێ، نەدەهێڵێ رۆژێك بە خۆشی بەسەر ببەین، چێشت لێبنێم ئەو بیخوات، جا کە باوکم لە دەرەوە هاتۆتەوە بینیوویەتی دایکم هیچی ئامادە نەکردووە، ئەویش هەستاوە لە دایکمی داوە، دایکیشم کردوویەتییە شەڕە چەپەڵۆك لەگەڵی، تەنانەت هەرچی پەنجەرەی ماڵەکە هەیە شووشەکانیان شکاوە، هەندی لینگە پێڵاو لە یەکتر بگرن، بۆیە قەت حەز ناکەم ئەگەر بۆ یەك ساتیش بێت بچمەوە لایان، دەمانەوێ بچینە لای داپیرەم کە لە هەردووکیان زۆر باشتر و میهرەبان تر و خەمخۆرتریشە بۆمان...

ئەمە قسەی خودی منداڵەکان بوو، ئەوجا لەبەر هەندێ دادگا بڕیاریدا کە توێژینەوە لەگەڵ داپیرەیان بکرێت و بزاندرێت ئاخۆ ئەو توانای هەڵگرتنی ئەو بەرپرسیارێتییەی هەیە یان نە، ئێمەش ناردوومان بەدوای داپیرەیان و ئەویش لە وەڵامی پرسیاری ئێمە شەرحی حاڵی منداڵەکانی بۆ کردین وگوتی: ئێمە خانوویەکی گەورەی سەربەخۆمان هەیە و دوو نهۆمیشە، ئەگەر ئەو منداڵانە بهێنمە لای خۆم، بە زیادیشەوە جێگەیان دەبێتەوە، بەراستی ئەوە وەزع نییە ئەو منداڵانە تێیدان، ماڵێك کە ژن و مێرد هەمیشە شەڕ و ئاژاوە و ناکۆکی تێدا بێت، هیچ رێزێك لە نێوان ژن و مێرد دا نەبێت، دەبێت چ ماڵ و حاڵێك بێت، منداڵەکان لای منیان پێخۆش و ئەمین ترە، من بەهەموو شێوەیەك هەوڵی دابینکردنی ژینگەیەکی ئەوپەڕی ئارام و پڕ لە ئاسایشیان بۆ دەدەم و ناهێڵم لە هیچ شتێکیان کەم بێت، کە دوای ئەوەی دڵنیا بووین لەوەی کە مانەوەی ئەو منداڵانە لەلای داپیریان زۆر باشترە و لە بەرژەوەندییان دایە، راپۆرتمان بۆ دادگا نووسی کە ئەو منداڵانە بدرێتە داپیریان و لەدەست ئەو شەڕ و ئاژاوەش رزگاریان بێت، پاشان دادگا بڕیاری جیاکردنەوەی ژن و مێردەکەشی دا، لە راستیدا شەڕ و ئاژاوەی ناو ماڵ و بەتایبەتی هی دایك و باوك کاریگەرییەکی تا بڵێی خراپ دەکاتە سەر باری دەروونی و دوارۆژی منداڵەکانیان و هیوادارم هەموو دایك و باوکێك ئەو راستییە بزانێت و لە خەمی دوارۆژی منداڵەکانیان و پەرتەوازە نەبوونیان دابن.

**شەڕ و ئاژاوەی ناو ماڵ و بەتایبەتی هی دایك و باوك کاریگەرییەکی تا بڵێی خراپ دەکاتە سەر باری دەروونی و دوا رۆژی منداڵەکانیان**

**لە راستیدا ئەو منداڵانە هۆکارەکانیان زۆر رەوا بوو، هەمووشیان لە پێش قۆناغی باڵق بوونن، لەبەر هەندێ دادگا ئەو بڕیارەی دا و لەسەر داخوازی خۆشیان بوو**

# دزیشی لێکردن و پارەشی لێوەرگرتن

مام(حەمەدەمین) پیاوێکی مەڕداری خاوەن شینایی دەبێ، لەو دزە نەناسراوە نادیارە بێزار دەبێ کە ناوە ناوە بەشەو دزی لێدەکات، لەبەر هەندێ ناچار دەبێ سکاڵا لەو دزە نادیارە لە بنکەی پۆلیس تۆمار بکات.

دزە بەردەوام دەبێ لە کاری خۆی و ئەویش بە داماوی خۆی و منداڵەکانی بۆسەی بۆ دادەنێننەوە بێ ئەوەی پێوە بێت، تا ئەو شەوەی کە دەکەوێتە ناو بۆسە و تەقەی لێدەکەن، بەڵام پێش ئەوەی ئەنجامی تەقەکردنەکە بزانین، با لەزاری مام(حەمەدەمین) مەسەلەکە بزانین، ئەویش لەمەڕ مەسەلەکە بەمشێوەیە هاتە ئاخاوتن و گوتی: ئێمە لە ئاوایی بیست ماڵێك دەبووین، هەندێکمان خەریکی مەڕداری و شینایی کردن بووین، هەندێکیشمان تەنیا خەریکی شیناسی بوون، یەك دوو ماڵیش هەبوون لەم شینایانە بەکرێ و بەگوێرەی کارەکە کرێکارییان دەکرد، بەڵام ماوەیەك جۆرە دزێك پەیدا ببوو، بە کەس نەدەگیرا و نەشدەزانرا کێیە، ئەوەی مەڕی هەبووایە، ئەو شەوەی ئەو دزییەی دەکرد کارێك دووان یان بەرخێك دووانی دەبرد، مەڕ و بەرانی نەدەبرد، یان عەلەشیش و مریشك و جووچکەی دەدزی، سەیر لەوەدابوو سەگیشمان هەبوو، کەچی دزییەکەی خۆی هەر دەکرد و بە سەگەکانمان پاس نەدەکرا، ئی ئاوایش دیار بوو ماڵەکان چەند ماڵ هەبوو قەت شتی وای لێنەدەوەشایەوە ماڵ هەبوو خزم بوو، هی واش هەبوو لێمان دووربوون و شارەزامان نەبوون، هی ئەوە نەبوون شتی وا بکەن. ئەو دزە، دزی هەر لە ئێمە نەدەکرد، بەڵکو لەمەڕداری دیکەشی دەکرد، جا ئەو شەوەی بابڵێین کارێك یان بەرخێکمان دەدزرا بەیانی هەموو مەڕدارەکان ئاگادار دەکرانەوە، هەموولایەك مەڕی دەژمارد و حسابی دەکرد، کەچی لای هیچ مەڕدارێك نەدەبوو، دەتگووت ئەو دزە کاری خۆی بە بەرنامە دەکات. شەوێك کە دزی دەکرد، چەند شەوێك خۆی بزر دەکرد و وازی دەهێنا، بەڵام کە غافڵ دەبووینەوە، دووبارە دەستی پێدەکردەوە، بەڕاستی مەست و حەیران مابووین، ئاخر جارێك نەبوو، دووان نەبوو، زەرەریش ئەگەر هەر چەند کەمیش بێت هەر تاڵە، هەرچۆنێك بێت، دەمانگوت ئەو دزە هی ئاواییە و ناسراوە. دیارە سەگەکانیش دەیناسن.

خەڵکی ئاوایی بەتایبەتی ئەوانەی کە مەڕدار بوون، بە تەواوەتی بێزار ببوون، چونکە هەبوو چەند جارێك دزی لێکرابوو، هەشبوو لەوە دەترسا دزی نەقۆڵای لێبکرێت و زەرەر و زیانێکی زۆری بەر بکەوێت، ئیتر ئێمە لای خۆمان بڕیارماندا چەند شەوێك لەسەریەك بۆی لە بۆسەدابین. ئەوەبوو من و دوو کوڕم شەوێك لە شەوەکان بۆسەمان بۆ دانایەوە و لەو بڕوایەش دابووین کە لەو یەك دوو شەوە شەوێکیان هەر پەیدا دەبێت. پێشبینییەکەمان راست دەرچوو، ڕێك وەك ئەوەی بۆی چووبووین، شەوێك کاتژمێر دوو و نیوی شەو بوو، دانیشتبووین و گوێمان لە حەپەی یەکێك لە سەگەکانمان بوو، لەنێوخۆمان گوتمان بەخوا ئەوە پەیدابوو، خۆیەتی بۆ بەزمەکە هاتووە، خۆمان لێی مەڵاس دا و گوێمان لە خشپەیەك بوو، وردە وردە دەنگەکە باشتر دەهاتە بەر گوێمان و لێمان نزیك دەبۆوە، شەوەکەی هاوین بوو، بۆیە هەموو مەڕ و ماڵاتەکەمان لە دەرەوە کە لە شوێنێك شوورەمان بۆ کردبوو دانابوون، بە زستانان دەمانبردنە خانێکی گەورە و بەهاوینیش لەو شوێنەمان دەحەواندنەوە.

سەیر لەوە دابوو ئەو شەوە هیچ کامێکمان خەومان نەدەهات، پێموابێ لەبەر ئەوە بوو کە بە ڕۆژ باش خەوتبووین، بە هەر حاڵ هەستی خۆمان باشتر ڕاگرت و هەتا هاتە ناو مەڕ و ماڵاتەکە، ئێمە چاومان لێبوو کە تارمایەك لەمەڕەکان نزیك دەبۆوە، بەڵام قەڵافەتەکەی هیچ بەزەلام نەدەچوو،

**ئەم جۆرە گوفتارە بۆ ئێمە خراپ بوو بەتایبەتی کە یاسا ڕێگات نادات، لەسەر شتی بچووک تەقە لە مرۆڤ بکەی**

**یەکێ لە کوڕەکانم میلی تفەنگی لێڕاکێشا و تەقەیەکی لێکرد و یەکسەر، زیراندی و بەربۆوە، کە هاتینە سەری دەبینین منداڵێکی چواردە پانزە ساڵانە و خوێنی لە ڕانی دێ و برینداربووە**

دەتگوت کورتە باڵایە، ئاماژەمان دایە لە ناکاو لایەتمان پێکرد و لە چاوی دزەکەمان دا و هێرشمان کردە سەری، بەڵام ئەو دەرپەڕی، لەگەڵ دەرپەڕینەکەی لە ناو مەڕان دەرچوو، یەکێ لە کوڕەکانم میلی تفەنگی لێڕاکێشا و تەقەیەکی لێکرد و یەکسەر، زیڕاندی و بەربۆوە، کە هاتینە سەری دەبینین منداڵێکی چواردە پانزە ساڵانە و خوێنی لە رانی دێ و بریندار بووە.

## سەرەڕای دزی لێکردن دەبوو مەسلەتیشی بکەین

مام(حەمەدەمین) بەردەوام دەبێ لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی دزییەکە و دەڵێ:

شەو دەنگمان دا و خەڵکی ئاواییمان خڕکردنەوە و ئیتر بووە غەڵبەغەڵب و دەنگ و هەرا، کە باوکی هات کردیە هەڵڵایەك ئەو سەری دیار نەبێ، لەخۆی دەدا و هاواری دەکرد، کوڕەکەمتان کوشت، کوڕەکەمتان کوشت، ئێمە دەمانگوت بەسەر دزی کردنەوە هاتووە ئەو دەیگوت: دزی چی هەر ئەو بوختانە مابوو، کوڕی من چۆن دزی دەکات، ئێوە نەدیتی و نەناسی بۆچی تەقەتان لێکردووە، بەهەرحاڵ بینە و بەردەیەکی زۆرمان لێپەیدابوو، سەرەنجام دەبوو منداڵەکە ببرێتە نەخۆشخانە، منداڵمان بردە نەخۆشخانە و منداڵ گوتی: فڵان و فڵانەکەس تەقەیان لێکردووم، هەردوو کوڕەکەمی بە گرتندا، لەوێ لە نەخۆشخانە دەستبەجێ دەستگیرکران و هەر بەو شەوە رەوانەی بەندیخانە کران، گوتم: ئەوە خۆشە دزیشت لێبکرێت و بشگیرێیت، شەوەکەی پێنج شەممە بوو، هەتا رۆژی یەك شەممە لە بەندیخانە بەبێ لێکۆڵینەوە و پرسیار و وەڵام مانەوە، لەو یەك دوو رۆژە ئێمە لە نێو خۆمان و پاشان لەگەڵ مامۆستای مزگەوتی ئاواییەکەمان و خۆشم لەگەڵ یەك دوو پارێزەری ناسراومان گفتوگۆم کرد، منداڵەکە و باوکیشی لە بنکەی پۆلیس گوتبوویان کە گوایە بۆیە چۆتە نزیك ماڵی ئێمە، چونکە خەونی دیتووە و شەورۆ بووە و نەیزانیووە چۆتە ئەوێ و ئاگای لە خۆی نەبووە، هەتا گوللەیان لێیداوە، ئەم جۆرە گوفتارە بۆ ئێمە خراپ بوو و بەتایبەتیش کە یاسا رێگات نادات، لەسەر شتی بچووك تەقە لە مرۆڤ بکەی، بۆیە وەزعەکە لە بەرژەوەندی ئێمەدا نەبوو، لەسەر ئامۆژگاری پارێزەرەکان دەبوو سوڵح بکەین باشترە.

ئێمەش ناچاربووین بڕە پارەیەکمان دانێ و سوڵحمان کرد، لە بەرامبەر ئەوەی ئەوان بڵێن کوڕەکانی من نەبوون کە تەقەیان لێکردووە، تۆ وەرە دزیت لێبکرێت و باجی بەرگریکردن لە خۆشت بدەی، سەیر لەوەدایە دوای ئەو رووداوە ئیتر دزیمان لێنەکرایەوە.

